# دڵی هەموو نەوەکانی ئادەم لە نێوان دوو پەنجەن لە پەنجەکانی خودای میهرەبان (الرحمان)، وەکو یەک دڵ، بە ویستی خۆی دڵەکان هەڵدەگێڕێتەوە بۆ هەر مەبەستێک بیەوێت

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەگێڕێتەوە گوێی لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «دڵی هەموو نەوەکانی ئادەم لە نێوان دوو پەنجەن لە پەنجەکانی خودای میهرەبان (الرحمان)، وەکو یەک دڵ، بە ویستی خۆی دڵەکان هەڵدەگێڕێتەوە بۆ هەر مەبەستێک بیەوێت» پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «(اللهم مُصَرِّفَ القلوبِ صَرِّفْ قلوبَنا على طاعتك)» واتە: «ئەی ئەو خودایەی کە دڵەکان هەڵدەگێڕیتەوە؛ دڵمان ئاراستە بکە وهەڵیبگێڕەوە بەرەو گوێڕایەڵی کردنت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە دڵەکانی نەوەکانی ئادەم لە بەینی دوو پەنجەن لە پەنجەکانی خـوای میهرەبـان؛ وەکـو یـەك دڵ وبـەو شێـوەیەی بیەوێـت ئاراسـتەی دەکـات، ئەگـەر بیەوێـت دڵەکـە دادەمەزرێنێت لەسەر هەق وڕاستی، وئەگەر بیەوێت لای دەدات لە هەق وڕاستی، وڕکێف کردنی بە هەموو دڵەکان هەروەکو ڕکێف کردنیەتی بە یەك دڵ؛ هیچ شتێك لە شتێکی تر سەرقاڵی ناکات -سبحانه وتعالى-، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای کرد وفەرمووی: (اللهم مُصَرِّفَ القلوبِ: ئەی ئەو خودایەی کە دڵەکان ئاڕاستە دەکەیت)؛ جارێك بەرەو پەرستنەکان وجارێك بەرەو سەرپێچیەکان، (صَرِّفْ قلوبَنا على طاعتك: دڵمان ئاراستە بکە وهەڵیبگێڕەوە بەرەو گوێڕایەڵی کردنت).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6331

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee